## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# فیلمی "تێڕوانینێکی تر بۆ ژیان" لوتکەی باشترین فیلمەکانە

ئەگەر چی پێشـــبڕکێی باشترین فیلمەکان"box office" و وەرگرتنی خەڵاتەکانی "ئۆســـکار" هەر لە کالیفۆڕنیایە، بەڵام مەرج نییە ئەو فیلمانەی کە داهاتی زۆر کۆ دەکەنەوە، هەمان ئەو فیلمانە بن کە خەڵاتی ئۆســـکار وەردەگرن، بۆ نمونە فیلمی"the godfather" بەباشترین فیلمی مێژووی سینەما ناودەبرێت، چەندین خەڵاتی ئۆســـکاری وەرگتووە، و داهاتی زۆریشـــی نەبووە. لە هەمان کاتدا بەشی دووەمـــی فیلمی شـــریك زیاتـــر لـــە ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری کۆکـــردەوە، بەڵام ئۆســـکاری وەرنەگـــرت، چونکە لە ئۆسکار هەموو لایەنەکانی فیلـــم ڕەچاو دەکرێت.

فیلمی "The Blind Side" دوای ئەوەی دوو هەفتـــە لە پلـــەی دووەم بوو، ئـــەم هەفتەیە توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت، ئەمەش بەهۆی ئەو جەمـــاوەرە زۆرەی هەیەتی کە تائێستا فیلمەکە زیاتر ١٢٩ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێنـــاوە. ژیان تەنها لە رووەیەکەوە تەماشـــا ناکرێت، بەڵکو چەندین تێڕوانین هەیە بۆ بەرێکردنی ڕەوشـــی ژیـــان، کاتێك ســـەرکەوتوو نابیت لـــە قۆناغێك یان کارێك، چەندین ڕێگەی تـــر چاوەڕێتە تاوەکو تێیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنیت. ئەم فیلمە لەم روانگەیەوە باسی گەنجێکی هەژار دەکات لە زۆر بواری ژیاندا ســـەرکەوتو نەبووە، نەیتوانیـــوە خوێندن تەواو بکات، بەڵام بەهۆی ناسینی کچێك گۆڕانکاری گەورە لە ژیانیدا ڕوودەدات، ئەم هاوڕێیەی هانی دەدات بچێتە پرۆگرامێکـــی فێربوونی تۆپی پێـــی ئەمەریکی، هەرچۆنێك بێت دەچێت و لەوێ ســـەرکەوتنی گەورە بەدەســـت دەهێنێت، داهاتووی بەشـــێوەیەکی باشتر دەڕوات، دەبێتە یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی خولی تۆپی پێی ئەمەریکی، و تاڵـــی ڕۆژانی ڕابردووی لەبیر دەچێتەوە.

فیلمەکە لـــە دەرهێنانی "جـــۆن لـــی هانکـــۆك" و پاڵەوانییەتی: ساندرا بۆلۆك، تیم ماکجر، کۆینتۆن ئارۆن، جای هید، لەیلا کوینز، ڕای ماکینون، کیم دیکنز، کاسی بیتس، کاسرین دایر، ئاندی ستال.

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێـــی پەیداکردنی




1- (The Blind Side) ٢٠،٤٤٠ ملیـــۆن$، کۆی داهـــات: ١٢٩،٢٦٤ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٢.



2- (The Twilight Saga: New Moon) ١٥،٧٠٤ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٥٥،٦٣٩ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:١.



3- (Brothers) ٩،٧٠٠ ملیـــۆن$، کۆی داهات: ٩،٧٠٠ملیـــۆن$، بەیەك هەفتە.



4- (Disney's A Christmas Carol) ٧،٥٢٠ ملیـــۆن$، کـــۆی داهات: ١١٥،٠٠٦ملیۆن$، بە٥ هەفتە، پلەی پێشو:٥.



5- (Old Dogs) ٦،٩٠١ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٣،٩٣٤ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٤.




6- (Armored) ٦،٦٠٠ ملیـــۆن$، کۆی داهـــات: ٦،٦٠٠ملیۆن$، بەیەك هەفتە.




7- (٢٠١٢) ٦،٦٠٠ ملیـــۆن$، کـــۆی داهات: ٦،٦٠٠ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشو:٧.



8- (Ninja Assassin) ٥،٠٣٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٩،٧٩٠ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٦.



9- (Planet 51) ٤،٣٠٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٣٣،٩٦٦ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشو:٧.




10- (Everybody's Fine) ٤،٠٢٧ ملیۆن$، کۆی داهات: ٤،٠٢٧ملیۆن$، بەیەك هەفتە.

ئا: عەبدوڵڵا چنگیانی

### کچە ڕاگەیاندنکاری لوبنانی ڕاغیدە شەلهوب بۆ گوڵان:

# هەست دەکەم کە ئازارێک کۆمان دەکـ



***ڕاغیدە شەلهوب یەکێکە لە پێشکەشکار سەرکەوتووەکانی کەناڵی ئۆربت کە ئێستا لەگەڵ چەند کچە بێژەرێکی دیکە بەرنامەی (عیون بیروت) پێشکەش دەکات، ڕاغیدە بەوە ناسراوە کە خاوەن سەروسیما و ڕووخسارێکی سەرنجڕاکێشە و لە کاتی بەرنامەکەشیدا لەگەڵ میوانەکانی زۆر بە ڕاشکاوانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەرچەندە وەك خۆی دەڵێت هێڵێکی هێشتۆتەوە لەنێوان خۆی و بینەرانی و ڕێگا بە خۆی نادات بیبەزێنێت، سەرەڕای ئەمەش هەمیشە نوێکاری بە کار و شێوازەکانییەوە دیارە و دەیەوێ ئەوەی کارەی پێشکەشی جەماوەری دەکات پێشتر کەسی تر نەیکردبێت بۆ ئەوە هەمیشە جەماوەر لە شتی نوێ ئاگادار بکاتەوە هەرچەندە خۆی دەرچووی بەشی ئاژانسەکانی هەواڵە لە کۆلێژی ڕاگەیاندن، بەڵام خۆشەویستی بۆ تەلەفزیۆن وایکردووە کە لەبەردەم شاشەدا بگیرسێتەوە و ڕووبەڕووی بینەران ببێتەوە. ڕاغیدە شەلهوب کە سەرقاڵی خۆ ئامادە کردنە بۆ دانانی بەرنامەی تایبەت بە ئاهەنگەکانی سەری ساڵی نوێ، دوای ئەوەی خۆمان پێی ناساند وەك گۆڤارێکی کوردی بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.***

دیمانە/ خەلیل بلەیی - xalil2001@yahoo.com

*** تۆ لە کەناڵێکی بە کۆد کراو (مشفر)دا کار دەکەی ئایا ئەمە کاریگەری بەسەر تۆوە هەبووە وەك بێژەر بەتایبەتی لە لایەنی ناسینەوە لە لای جەماوەر؟**

- بێگومان کاریگەریی هەیە، ئەگەر ئێمە دەربارەی ئاستی ناوخۆیی (مەبەستم لوبنانە) قسە بکەین، جیاوازییەکی زۆری هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی ڕەنگە جیاوازییەکە ئەوەندە زۆر نەبێت، چونکە زۆربەی هەرە زۆری خێزانە عەرەبەکان لە ماڵی خۆیاندا سەیری کەناڵی ئۆربت دەکەن جا کەنداو یان ڕۆژئاوای عەرەبی یان تەنانەت لە ئەوروپاش بێت، بەڵام ڕەنگە لە لوبنان خەڵك زۆر باش نەمانناسێت وەك لە شوێنەکانی تر.

*** لە زۆربەی هەرە زۆری میدیا عەرەبییەکاندا هەست بەوە دەکرێ کە لوبنانییەکان جا چ کچ بن یان کوڕ پشکی شێریان بەرکەوتووە، ئایا نهێنی ئەمە لە چیدایە و ئێوەی لوبنانی چ جیاوازییەکتان هەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنکارە عەرەبەکانی دیکە؟**

-من پێم وایە جیاوازییەکی زۆرمان لە نێواندا نییە، چونکە ئێستا بەهۆی شەپۆلەکانی عەولەمەوە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە جۆرە لێك نزیك بوونێك لە نێوانماندا هەبێت وەك پێشتر گوتم ڕەنگە من لە وڵاتێکی عەرەبی زیاتر ناسراو بم لەوەی لە لوبنان ناسراوم، لە هەمان کاتدا ئێمە یەك ئامانجمان هەیە کە کۆمان دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر مەبەستت زۆربوونی ڕاگەیاندنکارە لوبنانییەکانە ئەوا دەتوانین بڵێین ئێمەی لوبنانی تێکەڵێکین لە نێوان ڕووحیەتی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی ئەمەش ڕەنگە جیاوازییەکی سەرەکی بێت کە لە ڕاگەیاندنکارە عەرەبەکانی دیکە جیامان دەکاتەوە ئەگینا من زۆر جیاوازی نابینم بۆ نموونە ئەگەر سەیری بواری گۆرانی و مۆسیقا بکەین دەبینین هونەرمەندی لوبنانی بە شێوەزاری کەنداوی یان میسری گۆرانی دەڵێ.

*** زۆر لە کچە ڕاگەیاندنکارە عەرەبییەکان لە لایەنی پێشکەش کردنی بەرنامە سیاسییەکان سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە، ئایا بەرنامە سیاسییەکان سەرنجت ڕادەکێشن؟**

- من بە حوکمی ئەوەی کە دەرچووی کۆلێژی ڕاگەیاندنم بەشی ئاژانسەکانی هەواڵ لە کاری سیاسییەوە دوورم، بۆیە من زیاتر حەز لە ڕاگەیاندنی هەمەڕەنگ دەکەم وەك هونەری یان (ترفیهی) و ڕۆشنبیری، لە هەمان کاتدا پێم وایە ئەو باکگراوەندەم نییە کە بتوانم پشتی پێ ببەستم و ڕوو لە کاری سیاسی یان پێشکەش کردنی بەرنامە سیاسییەکان بکەم.

*** کەواتە تۆ پێت باشترە کە ڕاگەیاندنکار پسپۆڕیەتی وەربگرێت لە بوارێکی دیاریکراودا؟**

- نەخێر من تا ڕادەیەك دژی ئەوەم و پێم باشە بێژەر کارێکی هەمەڕەنگ بکات و خۆی بە لایەنێك بە تەنیا نەبەستێتەوە واتە شارەزایی هەبێت لە هەموو بوارەکاندا بۆ ئەوەی بە لایەنی کەمەوە زانیاری هەبێت لەسەر هەموو لایەنە جۆاوجۆرەکانی ڕاگەیاندن، بۆ نموونە بەرنامەکەی من (عیون بیروت) ڕاستە بەرنامەیەکی بەناو (ترفیهی)یە، بەڵام لە هەمان کاتدا چەندین وێستگە لەخۆ دەگرێت لەوانەش سیاسەت لەو بەرنامەیەدا کە سەرەڕای ئەوەی بەرنامەیەکی سیاسیش نییە، بەڵام زۆر جار کێشە و گرفتی سیاسیش دەخەینە ڕوو کە پەیوەندی بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە.

*** ئەی تۆ وەك هاووڵاتییەکی لوبنانی تا چەند لە ژیانی ئاسایی خۆتدا گرنگی بە سیاسەت دەدەیت؟**

- ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە هەندێك شوێنی وەك لوبنان و عێراق بەهیچ شێوەیەك ناتوانین دەستبەرداری سیاسەت بین، بەجۆرێك سیاسەت بووەتە بەشێکی نەپچڕاو لە ژیانماندا وەك نان و ئاوی لێهاتووە کە پێویستە

**ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە هەندێک شوێنی وەک لوبنان و عێراق بەهیچ شێوەیەک ناتوانین دەستبەرداری سیاسەت بین**

# ـــاتەوە لەگەڵ گەلی کورد





هەمیشە هەڵیمژین، ناسەقامگیری بارودۆخی سیاســی و کێشە زۆرەکان وای لێکردووین کە زیاتر لەوانەی بە کاری سیاســەت هەڵدەستن ئێمە لێی ئــاگادار بین و بزانین چی هەیە و چی روودەدات، بۆیە سیاسەت بەشێکی زۆری لە ژیانی ئێمە داگیر کردووە.

***ئێســتا ژمــارەی کەناڵــە ئاســمانییە عەرەبییەکان زۆر زیادی کردووە، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی ئاســایی جۆرێك لە ململانێ و رکابەرێتی لە نێوانیاندا دروست دەبێت، ئایا ئەم رکابەرێتیەی نێوان کەناڵەکان کاری نەکردووەتە سەر ئێوەی راگەیاندنکار؟**

- نەخێر پێم وانییە ئەمە کاریگەری لەسەر ئێمە هەبێت، چونکە ئەگەر ئێســتا ســەیری دونیــا بکەین دەبینیــن رکابەرێتی لە هەموو شوێنێکدا هەیە نەك تەنیا کەناڵە تەلەفزیۆنییە لۆکاڵ ئاسمانییەکان، رکابەرێتی زۆر پێویستە بۆ ئــەوەی هەر کەســێك بزانێــت لەوانەش راگەیاندنــکار بزانێت چی پێشــکەش بکات بەجوانترین شێوە دەربکەوێت و بزانێت بینەر چی لێی دەوێت، بینەریش ئــازادە لە هەڵبژاردنی شتە باشەکان و جیا کردنەوەیان، بۆیە دەڵێم بە هیچ شێوەیەك زۆربوونی کەناڵەکان کاریگەری بەسەر بێژەرەکانەوە نییە.

*** زۆر لە کچە راگەیاندنکارە لوبنانییەکان**



**روویــــان له بــــواری هونەری کردووە تۆ شتی وات بە خەیاڵدا نەهاتووە؟**

- مـــن یەکێکم لەوانەی زۆر حەز لە کاری هونــەری دەکەم بەتایبەتی نواندن دەکەم و زۆر جاریش داوام لێکراوە بەشـــداری کاری نواندن بکەم، بەڵام حەز ناکــەم کارێکی وا بکەم کــە جۆرێك بێت لە (مغامرە) واتە ئەگــەر نەزانم ئەو کارەی بەشداری تێدا دەکەم سەد دەر سەد سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت ئەوا نامەوێ گرفت بۆ خۆم دروست بکەم و لە کۆتاییدا کاریگەری سلبی هەبێت لەسـەر کاری خۆم کــە ڕاگەیاندنە، هەروەها هەســت دەکەم کــە بە ڕێکەوت و بە حەز نەهاتوومەتە نێو بــواری ڕاگەیاندنەوە، چونکە من دەرچووی کۆلێـــژی ڕاگەیاندنم بۆیە دەتوانم شـــتی زۆر زیاتر و باشـــتر لەو بوارەدا پێشکەش بکەم، ڕاستە زۆر لە بێژەرەکان خۆیان لە بـــواری نواندنــدا تاقیکردۆتەوە و سەرەکەوتنیشیان بەدەست هێناوە و ئێستا شوێن پێیان دیارە لە گۆڕەپانی هونەریدا.

*** جگە لەو کەناڵـــەی کاری تێدا دەکەی سەیری کەناڵی تر دەکەیت؟**

- بەڵێ ئەگەر کاتم هەبێت ســـەیر زۆرترین کەناڵەکان دەکەم و بینەری بەردەوامی هەندێك بەرنامەی دیاریکراوم کە ناتوانم دەستبەرداری ســـەیر کردنیان بـــم و لە کەناڵـــی ئۆربتیش پێشـــکەش ناکرێن، بۆ ئەوەی ســـوودیان لێ وەربگرم، چونکە مرۆڤ لە هەر بوارێکدا کار بکات پێویســـتە زانیاری زۆری لە بوارەکەی هەبێت.

*** دەتەوێ لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە بەکوێ بگەیت؟**

- پلان و بیرۆکەی زۆرم لە مێشـــکدا هەیە بە ناونیشـــانی جیاوازەوە، بەڵام هەست دەکەم ئێســـتا دەرفەتی ئەوەم نییە کە ڕایان بگەیەنم و ئاشکرایان بکەم، من هەمیشە بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێم.

*** بوونی ئازادی لە کاری ڕاگەیاندن چۆن دەبێتە هۆکاری ئـــەوەی ئێوەی بێژەر داهێنان بکەن لە کارەکەی خۆتاندا؟**

- بە داخەوە ئێســـتا ئازادی بە شـــێواز و ناونیشـــانی جیاجیا لێك دەدرێتەوە و کەسانێك هەن دەیانەوێ ئەم ئازادییە کە هەیە بۆ شتی تایبەتی خۆیـــان بقۆزنەوە کە لـــە کۆتاییدا زیانی دەبێت بۆ هەموو لایەکمان بەشێوەیەکی گشتی، وەك ئەوەی ئێستا لە بواری هونەریدا هەســـتی پێدەکرێ، بۆیـــە وای لێهاتووە ئێمە بە ئاگاداری و وریاییەوە ســـوود لەو ئازادییە وەربگرین کە بۆمان فەراهەم کراوە.

*** بۆچی لە ڕاگەیاندن بواری تەلەفزیۆنت هەڵبژارد؟**

چونکە من زۆر حەز لە تەلەفزیۆن دەکەم و پێم باشـــە کە ئەولەویەتی پێ بدەم، هەرچەندە من بە ڕێکەوتن هاتمە جیهانی تەلەفزیۆنەوە و هیچم لێی نەدەزانی.

*** چ تایبەتمەندییەکت هەیە کە لە بێژەرانی تر جیات بکاتەوە؟**

- ئەم پرسیارە پێویســـتە جەماوەر وەڵامی بداتەوە، بەڵام من هەوڵ بەشێوەیەکی سروشتی زۆر نزیك لە کەســـایەتی خـــۆم بەرنامەکان پێشـــکەش بکەم، لە هەمان کاتـــدا هێڵێکی باریکم بۆ خۆم داناوە کـــە نامەوێ بیبەزێنم بۆ ئەوەی بە چاوێکی ســـووك ســـەیر نەکرێم و ببم بە کەسێکی ســـادە لە دیدی بینەرەوە، زۆر ئاساییە کە لەسەر شاشە هەندێك قسەی خۆش بکەم یان پێبکەنم، بەڵام ئەمە دەبێ بە وریاییەوە بێت.

*** هەموو سەرکەوتنێك باجی خۆی هەیە و ناوبانگ دەرکردن و ناسین لەلایەن خەڵکەوە بە ئاسانی بەسەر ئەو کەسەدا تێناپەڕێت، تۆ چ باجێکت داوە تا ئێستا لەو کارەی خۆت؟**

- بێگومان پروپاگەندەی نا دروست و سەیر ســـەیر کە هیچ ئەسڵێکیان نییە ئەمانە باجی ئەو ســـەرکەوتنەن کە تۆ باسی لێوە دەکەی، بەڵام باشترین وەڵام بۆ پروپاگەندەی نادروست و ئەو کەســـانەی کە تاوانی لەم جۆرە ئەنجام دەدەن ئەوەیە کە نەکەویە داوی ئەوانەوە ئەویش بە پشتگوێ خستن و وەڵام نەدانەوەیان، چونکە تۆ چەند وەڵامیـــان بدەیتەوە ئەوا کارێکی وا دەکەیت کە ئەوان بەهێزێکی زیاترەوە بەردەوام بن لەسەر کارەکانی خۆیان.

*** ئایا هەستت کردووە کە سەرکەوتنی تۆ مەترسی هەبێت لەسەر کەسانی دیکە؟**

-نەخێر بە هیچ شـــێوەیەك بیرم لە شـــتی لـــەم جۆرە نەکردۆتـــەوە، چونکە گۆڕەپانەکە لەبـــەردەم هەمووماندا واڵایە و هەر کەســـێك دەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئەگەر من مەترسی بم لەسەر کەســـانی تر ئەوا کەسی دیکەش دەبێـــت کە توانای لە من زیاتر بێت، وەك پێشتر گوتم کەناڵ زۆرە و بینەریش ئازادە چـــی هەڵدەبژێرێت، بەڵام کەســـیش ناتوانێت نکۆڵی لە کاری بـــاش و خراپ بکات و بە یەك چاو سەیریان بکات.

*** لـــە لوبنان و هەندێـــك وڵاتی دیکەی عەرەبـــی بێژەری کچ و کوڕ کـــە بە یەکەوە ژیانی هاوســـەرییان پێکهێنـــاوە لە ڕێگای کارەکانیانـــەوە، ئایا ئەمـــە کاریگەری دەبێت لەسەر بەردەوام بوونی سەرکەوتنیان؟**

- نەخێـــر مەرج نییـــە، چونکە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لە ئەنجانی ڕێککەوتنی دوو کەسە لەگەڵ یەکتر جا ئەو دوو کەسە لە یەك بواردا کار بکەن یان لـــە دوو بواری جیاواز، هەروەهـــا ڕەنگە بەر لەوەی ئەم دوو کەســـە ژیانی هاوســـەریش پێك بهێنن لە کارەکەیاندا سەرکەوتوو بوون.

*** چ زانیاریەکت هەیە دەربارەی میللەتی کورد؟**

- هەست دەکەم کە ئازارێك کۆمان دەکاتەوە لەگەڵ کورد، جا ئەو ئازارە لەســـەر ئاســـتی لوبنان بێت بە شـــێوەیەکی تایبەتی یان لەسەر ئاســـتی عەرەبی بە گشـــتی، بۆیە هیوادارم هەموو لایەکمان بە خۆشـــی و خۆشگوزەرانی و ئاشـــتیدا بژین، من هیچ کاتێك جیاوازی لە نێـــوان هیچ گـــەل و نەتەوەیەکدا ناکەم و هەمیشـــە دڵێم ئێش و ئـــازاری مرۆڤایەتی هەمووومان کۆ دەکاتەوە.

**هێڵێکی باریکم بۆ خۆم داناوە کە نامەوێ بیبەزێنم بۆ ئەوەی بە چاوێکی سووك سەیر نەکرێم و ببم بە کەسێکی سادە لە دیدی بینەرەوە**



## هونەرمەند بورهان مەجید بۆ گوڵان:

# ئێستا گۆرانی کوردی نەک لە قەیراندایە بەڵکو لە فەوتـــاندایە

***زۆر جار هونەرمەند هەیە کە بە ستایلێکی تایبەت دەردەکەوێت و سەرکەوتوو دەبێت بەرادەیەك لە لایەن گوێگر و جەماوەرە پێی دەناسـرێت، هونەرمەند بورهان مەجید هونەرمەندێکی بە توانا و سـەلیقە و بەهرەیەکی هونەرییە کە هەموو لایەك شایەدی بۆ دەدەن، ئەو کە خاوەن شـێواز و سـتایلێکی تایبەت بە خۆیەتی پێی ناسـراوە و ناوبانگی دەرکردووە، تا ئەو پەڕی بووە بە هەموو پێوەرەکان تێیدا سـەرکەوتوو، پاش ماوەیەك دووركەوتنەوە و دابڕانێکی زۆر بە ئەلبوومێکی سەرکەتوو بە ناوی (بۆ سلێمانی) هاتەوە نێو بواری هونەری گورانی کوردییەوە، ئەوەی جێگای باسە بەرهەمەکەی سەرکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆوە بینی توانی یەکێك بێت لە بەرهەمە پڕ فرۆشەکانی ٢٠٠٩، ئەو بڕیاری دابوو بەهیچ جۆرێك دیداری رۆژنامەنووسی لەگەڵ هیچ کام لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەنجام نەدات، بەڵام بۆ یەکەم جار بە خۆشـحاڵییەوە دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمە نوێیەکەی یەکەم دیداری بۆ گۆڤاری گوڵان ئەنجام داو بەم شێوەیە سەبارەت بەچەند پرسێکی هونەری وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.***

دیمانە: سۆران مارف کەریم
SORAN_MARF1980@YAHOO.COM

*** بۆچی دواین بەرهەمی خوت ناولێنا (بۆ سلێمانی) ؟**

- دەمەوێـت ئـەوە بڵێم کـەوا وادەی بڵاوبوونـەوەی ئەم بەرهەمـەم دوا کەتووە بەهـۆی ئەوەی من سـەرقاڵی کاروباری ڕۆژانـەی خۆم بـووم کات و دەرفەت بۆ کارە هونەرییەکانـم کەم بوو، ئەم بەرهەمەم بریتـی بـوو لـە (١٠) بەرهەم سـێیان گورانییە کۆنەکانم بوو کەوا بە شێوەیەکی نوی جارێکی تر تۆمـارم کردەوە، چونکە گۆرانییە کۆنەکانی من بە تازەکانیشـەوە لە رووی مۆسـیقاوە غەدریان لێکراوە ئەم کارە نوێیەش دەتوانم بلێم سەرکەتوو تر بوو لە هەمـوو ڕووە هونەرییەکانـەوە لە چاو کارەکانی پێشـوومدا، ئـەم کارە نوێیە لە سـتۆدیۆی پیانۆ لای هونەرمەند کارزان کامیل تەواوی دابەشکردنی گۆرانییەکان ئامادەیی بۆ کراوە.

هۆکاری ناولێنانی بەرهەمەکەم بە ناوی سـلێمانی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە من وەکو بورهان مەجید سلێمانی چێتی بکەم،چونکە من هەموو شارەکانی کوردستانم وەك یەك خۆش دەوێت، بەڵام سـلێمانی شـارێکە هەمیشە سووتاوە بۆ کورد.

*** گۆرانی خەمی خاك بەرهەمێکی نوێیە بۆچی ئەم بەرهەمە لەو سیدییە نوێیەدا بڵاو نەکرایەوە ؟**

- دیاربوو من پێشـتر کاری سـیدییەکەم تـەواو کردبوو، ئەو کاتەی بەرهەمی خەمی خاکم پێشکەش کرد سیدییە نوێیەکەم لە لایەن کومپانیاکـەوە نێردرابوو بـۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەسـتی چاپ کردن ئەمـەش وایکرد کەوا ئەم بەرهەمە لەگەڵ سـیدییەکەدا بڵاو نەکرێتەوە و بەجیا بڵاو ببێتەوە.

*** لە ڕێگای خەمی خاکەوە ویسـتت چ پەیامێك بگەیەنیت ؟**

- ئەم بەرهەمە ناوەکەیـەوە دیارە ئەگەر نەتەوەکانـی تر بەقەد ئێمـە خەم نەخۆن بۆ وڵاتەکەیان دەبێت ئێمە زیاتر لەوان خەم بخۆین، چونکە لە دێر زەمانەوە تا بە ئێستاش دەگات ئێمە داگیر کراوین، چونکە تا ئەمڕۆش ئێمە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی نین لە نیمچە سـەربەخۆییەکمان هەیەو لە ژێر تەجرووبەیەکداین ئیتر تا ئێسـتا بۆمان روون نەبووەتەوە ئایا دەردەچین یان دەرناچین لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە وەك رۆشنبیرانی کورد وەك هونەرمەندانی کـورد هانی خەڵك بدەین کە ئەم خاك و کلتوور و نەتەوەیەمان خۆشەویست بکەین، کە بەڕاسـتی زۆر ناشرین کراوە لای تاکـی کورد، دوژمن زۆر دەسـتی خستۆتە ناومانەوە بە ئیستاشەوە دەستی زۆر گـەورە هەیە دیانەوێت نیشـتیمان لەبەرچـاوی ئێمە بخـەن وکلتورەکەمان لەچـاو ناشـرین بکـەن و دەیانەوێـت مێژوویەکـی داماومان هەیـە ئەوەندەی دیکە داماوی بکـەن لەبەر ئەوە ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە نیشتیمان لای تاکی کورد خوشەویسـت بکەینەوە، سوپاس بۆ خوا گۆرانی (خەمی خاك) زۆر باش چۆتە ناو خەڵکەوە بەتایبەتـی ناو گەنجانەوە سـەدان گەنجم بینیوە ئـەو گورانییەی کردۆتـە زەنگی موبایلەکـەی زۆر دڵم بەوە خۆشـە ئەو گەنجەی چەند رۆژێك بەر لـەو گۆرانییە گوێم لێبووە کە ئەی ڕەقیبیان کردبـووە گاڵتەو گاڵتە جاڕی کە ئەی رەقیب ناسـنامەی نەتەوەیەکە، بەڵام خەمی خاك جارێکی تر کاریگەری خۆی لەسەر گەنج درووست کردەوە هیوام وایـە هونەرمەندانی تریش وەکو ئێمە کار بکەن با زۆربەی گۆرانییەکانمان خەم بێت بۆ ئـەم وڵاتە پڕ خەمـە و کارێکی وا بکەین زەنگێك بێت بۆ بەرپرسـەکانمان و

بەویژدانەوە دەڵێم کەوا داوایان کردووە هاوکاریم بکەن، بەڵام خۆم هەموو هاوکارییەکەم ڕەت کردۆتەوە

گوێیـــان لێبێت کەوا خەڵك چەندی داخ لە دڵدایە بۆ ئەم نیشـــتیمانە با ئیتر بەس بێت گەندەڵی هەتا بۆم بکرێت لەمەودوا کار لە سەر دیاردە دزێوەکانی ناو کۆمەڵگە دەکەم و دەیکەم بە گۆرانی.

*** تۆ هەمیشـــە یەکێکی لەو کەسانەی بەگژ ســـتایلی نوێدا دێیتەوە لە گۆرانی موســـیقای کوردیدا کەچی پێـــم وایە لەم ســـیدیە نوێیەدا تـــا رادەیـــەك موزیکی گۆرانییەکانت شـــێوازی ئەرەبیسکە باشە ئەمـــە گۆڕینی بیروڕای تـــۆ ناگەیەنێت سەبارەت بە شێوازی گۆرانی نوی؟**

- من ســـەبارەت بەو باسە وەکو ڕێژەی نەگۆڕ وام، چونکە ئەوەی من گووتوومە هیچی تیا نەبووە زیان بێت بە نەتەوەکەم و هونەری میللەتەکەم، ئەگەر ئەم بەرهەمە نوێیەمدا کارێکی تیا بێـــت ڕەنگدانەوەی هونەری بێگانەی لەســـەر بێـــت ئەوا من داوای لێبوردن لـــە جەماوەر دەکەم و پێیان دەڵێم ئەنقەســـت نەبووە، بـــەڵام خوا ئەوە بگرێت ستایلی عەرەبی دەکات بە گوێماندا هەمووی کاریگەری ئەو ئەو کارە خراپانەیە و ئەگەر کاریگەرییەکی خراپیش لەســـەر من هەبێت من دەیگێڕمەوە بۆ هەموو ئەو دەزگا ڕاگەیاندنە سەقەتانەی کە شەو ڕۆژ گۆرانی سەقەت دەدەن بە گوێماندا ئێمەش ڕاستەخۆ یان ناڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر پەیدا کردووین بۆیە من نەك جارێك ســـەد جـــار داوای لێبووردن لە نەتـــەوەی کورد دەکەم و هەرگیز من نەمووتوە با میللەتی کورد لە شـــوێنی خۆی چەق گرتوو بێت منیش حەز دەکـــەم وەکو نەتەوەکانی دونیا هەمیشە لە پێشـــکەوتندا بین، بەڵام ئێمە نەك هەر پێش نەکەوتوویـــن ئێمە چەقمان بەســـتووە نەك چەقمان نەبەســـتووە بەڵکو بۆ دواوە ڕۆیشـــتووین بۆ نموونە کوا کارە جوانەکانی تیپی موسیقای سلێمانی، کوا تیپی موسیقای دهۆك، کوا تیپی موسیقای هەولێـــر هیچی نەما دوای ئـــەوەی ئێمە ناومان نا ڕاپەڕیـــن لەجیاتی ئەوەی تیپی موسیقای سلێمانی نەما دەبووایە ئەو تیپە ببوایە بە تیپ، گۆرانییەکانی ئێمە شێواون ئەوەتا لەشـــاری سلێمانی ستودیۆیەك نییە من گۆرانی تیدا تۆمار بکەم موســـیقاکان هەمووی پەرتوبڵاو بوونەوە ئیتر تۆ بتوانی لەگەڵ کێدا گۆرانی بڵێیت، من ناتوانم بەر بەو لێشاوە گۆرانییەی عەرەب و تورك بگرم کە کراون بـــە کوردیش خائینێك دەچێت لە تورکیا گۆرانی تۆمار دەکات بەو خیانەتەی کە خۆی تەســـلیمی هونەری تورك کردووە گەورەترین هاوکاری بۆ دەکەن و بە داخەوە دەســـتەڵاتداری کوردیش گەورەترین ڕێزی لێدەگرێـــت بۆیەدەڵێـــم هونـــەری کوردی گەراوەتەوە دواوە بۆیە دەیێت بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنـــدا بچنەوە تـــا ئێمەش نەبووین بە عەرەب و تـــورك و فارس واتاگامان لە خۆمان نییە گۆرانییەکانی ئێمەش بوون بە عەرەب وتورك و فارسی.

*** کـــێ ئەرکـــی بەرهەمهێنانـــی ئەم سێدییەی تۆی لە ئەستۆ گرتووە ؟**

- ئەم بەرهەمە نوێیەم سەر ئەرکی خۆم بووە، بـــەڵام بەویژدانەوە دەڵێم کەوا داوایان کـــردووە هاوکاریم بکەن، بەڵام خۆم هەموو هاوکارییەکـــەم ڕەت کردۆتـــەوە وەزارەتی ڕۆشـــنبیریش برێك هـــاوکاری داناوە بۆ هونەرمەندان بەڵام خۆم وەکو ســـواڵکەرێك هاتۆتە بەرچاو ئەگـــەر داوای هاوکارییان لێبکەم و من خۆم بە ســـووکایەتی دەزانم ئەگەر بـــڕۆم داوای هاوکاری بکەم، بڕوام بە خـــۆم و کارەکانی خـــۆم هەیە ئەوەی کە خەرجم کردووە بۆ بەرهەمەکەم دەســـتم کەووتۆتـــەو و زەرەرم نەکـــردووە من دەزانم خەڵکانێـــك هەن زۆر زۆری پـــارە یان لە دەســـتەڵات وەرگرتووە و هیچیشی سەرف نەکردووە و تەنها گۆرانییەکیشی نەووتوە .

*** مامۆســـتا خالیـــد ســـەرکار لـــە دیمانەیەکـــی تایبەتـــی گۆڤاری گوڵاندا دەڵێت هەر زەمەنەو مۆسیقای خۆی دەوێت تۆ لەو ڕووەوە چی دەڵێت؟**

- مۆســـیقا ناســـنامە و کەرامەتـــی نەتەوەیەکـــە ویژدان و بوونـــی نەتەوەیەکە ناتوانی وازی لێبهێنیت، تۆ دەتوانی بڵێیت هەڵەبجە کۆن بووە دەتوانی بڵێیت شۆڕشی ئەیلوول کۆن بووە شۆڕشی تازەی کورد کۆن بووە من ئەتوانم بڵێم پێویســـتە ئێمە خۆمان بگۆڕین لەگەڵ سەردەمەکەدا. من لەگەڵ ڕێزم بۆ مامۆستا خالید سەرکار من رازیم بەو کارانەی کە مامۆســـتا خالید سەرکار لەگەڵ تیپی موســـیقای سلێمانی ئەنجام داوە، بـــەڵام ئەی کوا تیپی مۆســـیقای سلێمانی جاران هەقە هونەرمەندە کوردەکان بەوهونـــەرەی ئەمڕۆ بەنـــاوی کوردییەوە پێشـــکەش دەکرێت ڕازی نەبێت، بەڕاستی ئەو هونەرەی پێش ڕاپەرین پێشکەش دەکرا هونەرێك بوو کە هەموو لایەکمان پێی ڕازی بووین.

*** ئەی چی بکەین بۆ ئەوەی هونەری کوردی لەم قەیرانە ڕزگاری بێت؟**

- زۆر ئاســـانە ئەگـــەر گوێمان لێبگرن من پێم وایە لەوەتەی موســـیقای کوردی هەیە هەر لە قەیراندا دەژی ئیستا نەوەك لە قەیراندایە بەڵکو لە فەوتاندایە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشـــەیە پێویستمان بە هێنانی کادیری بـــاش هەیە بۆ پەیمانگای هونەرە جوانـــەکان مانگانە چەنـــد دەفتەرێك بۆ گەشـــەکردنی بواری هونەر تەرخان بکەین لەجیاتی ئەوەی چەنـــد دەفتەرێك دەدەین بە کەســـانێکی هەرزەکار دەچیت گۆرانی میســـرمان بـــۆ دەهێنێـــت و ئەوەندەی تر هونەرەکەمان دەشوێنێت هەر بەو دەفتەرانە کادری هونەری باش پێدەگەیەنین منداڵی کورد لە ئێســـتا بە هونەر پەروەردە بکەین دامەزراندنی ستۆدیۆی ئەکادیمی، چونکە گۆرانی گوتن وەکو بیتاقەی لێهاتووە یان بۆت بۆت دەردەچێت باش تۆمار دەبێت یان بە پێچەوانەوە.

*** کەســـانێکی زۆر لە بواری هونەری گۆرانی کوردی کۆبونەتەوە واتە گۆرانی کوردی وایلێهاتووە هەموو کەسێك دەتوانێت پێی بوێرێت پێـــت وانییە ئەمە گرفتێکی تری هونەری کوردی بێت ؟**

- کە لێپرسینەوە نەبیت بێگومان ئەمەش هوکارێکـــە بۆ نانەوەی فەزا لەناو هونەری کوردیدا، بۆیە پێم باشە خەڵك خۆی تاقی بکاتەوە، بـــەڵام گرنگـــی لەوەدایە چەند

گۆرانی گوتن وەکو بیتاقەی لێهاتووە یان بۆت بۆت دەردەچێت باش تۆمار دەبێت یان بە پێچەوانەوە.



لەو کەســانە دەبن بە دەنــگ و دەمێننەوە لە زاکیــرەی جەماوەردا دڵنیــا بن ئەوانە گۆرانییەکانیان هەر چەند رۆژێکەو دواتر لە بیر دەکرێن.

*** ئەگەر تۆ بکرێیت بە دەسەڵاتدارێکی بواری هونەر هەنگاوە ســەرەتاییەکانت بۆ چاکســازی کردن لە بواری هونەردا چون دەبێت؟**

- ئەگەر لە خەونمدا بووم بە دەسەڵاتێکی بواری هونەری یەکەم هەنگاوم چاکسازی کردنە لەنێو ئەوانەی خۆیان بە بەپرس دەزانن لەسەر بواری رۆشنبیری و هونەری کوردی، دواتر داخستنی زۆرێك لەو کەناڵانەی کە دەســتیان هەبووە لە شــێواندنی هونەری کوردی هــەر دەســەڵاتدارێك تەداخولی کاری هونــەری بکات گەورەترین ســزای دەدەم هەندێك لەو دەســەڵاتدارانەی ئەگەر حزبەکان ئەوەندە گەورەی نەکردبانە رەنگە ئەگەر بچووبان بۆ ئاهەنگێك هەر رێگایان پێ نەدەدان تەنانەت بچنە ژوورەوەش کەچی ئێستا کراون بە بەرپرس.

*** ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە هونەرمەند زیاتر گرنگی بــە توانای خۆی بدات بۆ جێبەجێ کردنی کارە هونەرییەکانی خۆی نــەوەك چاوی لە دەســتی خەڵکی دیکە بێت؟**

- من دەمێکە گووتوومە دەبێت هونەرمەند چاوی لە دەستی خۆی بێت نەوەك چاوی لە دەستی خەڵکی دیکە بێت من هەمیشە بەو ئاراستەیە کارم کردووە.

*** کلیپ گرفتێکی تــری ناو بوارەکە هەندێــك ئافرەتیــان کردۆتــە جێــگای سەرنجی بینەر بۆ ئەوەی بینەر تەماشای بەرهەمەکانیــان بکات تۆ لــەم رووەوە چ سەنجێکت هەیە ؟**

- بەداخە دەڵێــم کەوا ئەو کارانە دەکرێن و دەبینرێن تا رادەیەکی ســەرنجی گەنجی کورد رادەکێشن، بەڵام گەنجی کورد ناحەقی نییە کەوا ئافرەتێکی نیمچە رووت دەبینێت ببێتە هۆی راکێشــانی سەرنجی، چونکە گەنجی کورد تووشــی کەبتی جنسی بووە حەز بــەو کارانە دەکات کەوا تەماشــای بکات، بەڵام خۆ ئەمەش هەر بۆ ماوەیەکە و دواتر ئەو کارانە لە یاد دەکرێن.

مــن ئەوەندە دەڵێم ئاواتــم ئەوە قەیرانی هونــەری کــوردی چارەســەر بکرێت لە کوتاییــدا رێزو خۆشەویســتیم بــۆ ئێوە و سەرکەوتن بۆ گۆڤاری گوڵان.



# فیلــمێکی نوێی جنێــفەر گرفتی نایــەوە

دوای ئەوەی جنێفــەر لۆپێزی ئەکتەر و گۆرانیبێــژی لاتینــی مشــتومرێکی زۆری نایەوە بەوەی کە کۆنە هاوسەرەکەی ئۆجانی دەیویست فیلمێك بڵاو بکاتەوە کە دەربارەی ژیانی تایبەتییان و هەندیك دیمەن و وردەکاری سێکسیشی تێدایە، بەم دوایییە پارێزەری جنیفــەر رایگەیاند کە فیلمەکە هیچ دیمەنێکی سێکسی تێدا نەبوو و بەپێی بریارێکی دادگا ئۆجانی نوا نەیدەتوانی ئەم فیلمە بڵاوبکاتەوە.

پارێزەری جنێفەر لەم بارەیەوە رایگەیاند فیلمەکــە هیچ گرتەیەکی سێکســی تێدا نەبــوو، هەروەها ئێمە بە هیچ شــێوەیەك رێگامــان بە بڵاوکردنەوەی شــتێکی لەم جۆرە نەدەدا، بەڵام ئەم کارە تا ئێستا کەسی و تایبەتــە بە جنێفەر خۆیــەوە، پارێزەرەکە هەروەها گوتــی: دادوەری لۆس ئەنجلۆس رازی بوو بە بریارێکی پێشوو بە رێگا گرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم فیلمە دیکیۆمونتییە کە ماوەکــە ١٢ کاتژمێرە و چەندین دیمەن و وێنەی جنێفــەر و ئۆجانی نوای تێدایە فیلمەکەش بە نــاوی (چۆن جنێفەرم کردە هاوســەرم – چیرۆکی جی لۆ و ئۆجانی نوا)یە. لــە لایەن خۆیەوە نوا ســوور بوو لەسەر ئەوەی کە بە نیازە بجەنگێت لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی، هەروەها رەتیکردەوە کە پروپاگەندە بــۆ فیلمێکی دیکیومنتی بکات بەوەی فیلمێکی سێکســییە، بەڵکو فیلمێکــی دیکیومینتیــە و تەنیــا چەند دیمەنێکی ژیانی دوو هاوسەر و چۆنیەتی بەســەر بردنی مانگی هەنگوینییان کە لە کوبا بەسەریان برد، هەروەها کلۆدیا فاسکیز کە لەگەڵ نوا لە فیلمەکەدا بەشدارە دەڵێ هەندێك لە گۆڤارەکان هەوڵیانداوە فیلمەکە وەك فیلمێکی سێکســی نیشــان بدەن، لە لایەکی دیکەوە جنێفەر لۆپێز داوایەکی دژی کۆنە هاوسەرەکەی بۆ دادگا بەرز کردووە و تێیدا بە ســەرپێچی کردن لە رێکەوتنێکی نێوانیان تۆمەتبــاری دەکات وداوای بری ١٠ ملیۆن دۆلار دەکات وەك قەرەبوو.